کۆڕێکی سەرکەوتوو بۆ برای بەڕێز (وەستا ڕەسول) لەمەڕ کەرکووک و ماددەی 58 لەسوید

ڕۆژی (19نۆڤێمبەر) کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ بەکاتێ سوێد، لەشاری یتبۆری (göteborg) لەلایەن ڕێکخراوی (گەشەکردنی دیموکراتی ومەدەنی) بۆ بەڕێز وەستا ڕەسول جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو لێپرسراوی دەزگای گستی خانەنشین ی کوردستان ڕێکخرا.

سەرەتای کۆڕەکەبەساتێك وەستان بۆ شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی کارەتیرۆرستی یەکەی شاری خانەقین بەتایبەتی، دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز وەستا ڕەسول بابەتەکەی لەسێ تەوەرەی جیا جیادابۆ ئامادەبووان شی کردەوە:

1-جوگرافیاو مێژووی شاری کەرکووک.
2-ئە همیەتی شاری کەرکووك.
3- فاکتەری هۆکارەخۆیی و بابەتییەکانی هاتنەئارای ماددەی 58 وشەلەل وهۆکارەکانی جێ بەجێ نەبوونی و، گەرتاکاتی سەقفی زە مەنی بەئاکام نەگەیشت چ دەبێ. !!؟؟؟؟. شی کرانەوە.

هەموو ئەوانەبەتێرو تەسەلی قسەو باسی لەسەر کرا.
دواتر بەچەندین پرسیارو گفتوگۆ کۆڕەکەلەکاتژمێر7ی ئیوارەکۆتایی پێهات هات. ئەوەی شیاوی باسەهەمان بابەت بۆ ڕۆژی دواترو لەشاری ئۆێلۆ (Oslo) ی پایتەختی نەرویژ دوبارەکرایەوەو لەهەردوو کۆڕەکەژمارەیەکی زۆرو بەرچاو ئامادەی بوون.
هەرلەو بارەیەوەبەڕێز وەستا ڕەسول دیمانەیەکی ڕادیویی لەگەڵ رادیۆ کوردی (دەنگی لاوان) سازکرد.

باوکی کارۆ/ سوێد